**١٦ی مای ٢٠٠٤**

**وەرگێڕاوی نامەی ناردراو بۆ کوفی عەنان**
**ئەو ڕێکخراوانە و ئەو کەسانەی کە پێیان خۆشە ناویان لە پای ئەم نامەدا بێت دەتوانن بەو ئیمەیل ئادرێسە j_tekan@hotmail.com پێوەندی بگرن**

**لە لایەن کۆمەڵەی زارۆک پەروەرانی کوردستان**
**بۆ بەرێز کوفی عەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان**
**ڕوونووس بۆ ئەمنێستی، هەموو پارێزگەری مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەکان، ڕادیۆکان و ماڵپەڕەکان**

بەم بۆنەوە مەترسی زۆری خۆمان لەبەر گرتن و بەندکردن و بێ سەروشوێنی چوار زارۆکی کوردی دوازدە و سێزدە ساڵان بە ناوی: نەچیروان ساڵح مەحموود، ئەحمەد شێخ مووس عەبدوڵڵا، وڵات محەمەد سەعید و سەربەست شێخۆ، کە لەلایەن هێزی پۆلیسی سیاسی سووریەوە لە ٦ی مانگی ئاوریلی ٢٠٠٤ گیراون دەردەبڕین. سەرەڕای چەندین بانگەوازی ئەمنێستی ئەو منداڵانە هەتاکوو ئێستاش هەر بێ سەرو و شوێن ماون. ئەم منداڵانە بە ڕۆژی ڕووناک لە سەر کلاسی قوتابخانەی "التالانە" لە شاری قامیشلوو دەسبەند کراون. ئێمە مەترسی گیان، ئازار و ئەشکەنجەی ئەوان دەخەینە بەر چاو ئێوە.

لێدان، گرتن و کوشتنی لاوانی کورد لە شەشی مانگی ئاوریلەوە بەردەوامە. ٢٢ منداڵ و لاو و هەروەها ژنێك بە گوللەی هێزی پۆلیسی سووریە کوژراون (تکایە بڕوانە لیستی ناوبروان لە خوارەوەی ئەم نامەدا). زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس ، گەورە و مناڵ لە لایەن پۆلیسی سیاسی سوریەوە دەس بە سەر کراون. داشکاندن و وەلاخستنی کوردان لە هەموو لا لەبەر چاوە. ژوومارەیەکی زۆر خوێندکاری کورد بەهۆی کوردبوونیانەوە لە زانکۆکانیان دەر کراون. پاراستنی گیانی ئەوان لە ئەشکەنجە و کوژران بەستراوەتەوە بە تەرخەم و هەوڵی ڕاستەوخۆی ئێوەوە.

سووریە کۆنوانسیۆنی مافی منداڵی UN ی بەگوێرەی ڕەسمی ناسیوە و لە پایدا ئیمزای داناوە، ئاکاری باسکراوی سەرەوە پێشێلکردنی ئاشکرای ئەم کۆنوانسیۆنە. کۆمەڵەی زارۆك پەروەرانی کوردستان لە ئێوە داوا دەکا بۆ بردنە پێشی ئەم خاڵانەی خوارەوە پشتی منداڵانی کورد بگرن.

- ئەو چوار مناڵە و هەموو گیراوەکان بە زووترین کات ئازاد بکرێن.
- خەسارەت بدرێت بەوانەی کە زەرەرمەند بوون.
- تاوانبارانی ئەو جەنایەتە سەزا بدرێن.
- دەوڵەتی سوریە بە کردەوە لە خزمەت کۆنوانسیۆنی مافی مناڵانی UN بێت.

بەڕێزەوە : لە لایەن کۆمەڵەی زارۆك پەروەرانی کوردستان (ئۆرێبروو، سوئێد)
جەعفەر تیکانتەپە،   فەرەیدون دانیشوەر


**Rädda Kurdiska Barn**
Stånggatan 15C
703 46 Örebro - Sweden
E-mail: J_tekan@hotmail.com f.daneshvar@hotmail.com